The Greater Toronto

**Kurdish House**

Unit 201 – 1658 Victoria Park Ave, Toronto, ON M1R 1P7
Tel: 416 850 1746 www.kurdishhouse.org

# دیلان وهه‌ڵپه‌رکێی کوردی له‌ فێستیڤاڵێکی فره‌ که‌لتووری له‌ تۆرۆنتۆ








رۆژی 10/6/2007 له‌سه‌ر ده‌ریاچه‌ی ئۆنتاریۆ له‌ تۆرۆنتۆ دوا رۆژی فێستیڤاڵی فره‌ که‌لتووری لومیناتۆ به‌ئاماده‌بوونی ده‌یان هه‌زار که‌س به‌ڕێوه‌چوو ، فێستیڤاڵه‌که‌ ماوه‌ی ده‌ رۆژ به‌رده‌وام بوو، دوا رۆژی تایبه‌ت بوو به‌ سه‌ماوهه‌ڵپه‌رکێی نه‌ته‌وه‌ جیاوازه‌کانی دنیا ، گرووپێکی خوێندکارانی زانینگه‌ی یۆرك-ی تۆرۆنتۆش که‌له‌شه‌ش کچ پێکهاتبوون به‌هاوکاری ماڵی کورد له‌ تۆرۆنتۆ دیلان وهه‌ڵپه‌رکێی کوردیان پێشکه‌شکردو شایی وجلوبه‌رگی ئاڵووالاو ڕه‌نگینی کوردی سه‌رنجی ئاماده‌بووانی به‌لای خۆیدا راکێشا، جێگه‌ی باسه‌ هیچ کام له‌و شه‌ش کچه‌ کورد نه‌بوون .

راگه‌یاندنی ماڵی کورد له‌تۆرۆنتۆ





